# شكۆی كورد كەركوكە!!!

ئەو گوتەیەی كە دەڵێت ( سیاسەتی هەموو، یان هیچ )بۆچوون و بیركردنەوەیەكی سەقەتی سیاسییە ئەمە راستەو، ڕاستیی تێدا بەدی دەكرێت .

ئەم گوتەیە زیاتر دووای شكستی شۆڕشی ئەیلوول وتراوەو، زیاتریش بۆ تەشەر لێدان بەتایبەتی لە خودی بارزانی بەكار هاتووە . كەنەدەبوو بارزانی لەسەر مەسەلەی كەركوك لەگەڵ حكومەتدا تێكی بدات و بیگەێنێتەوە شەڕ . هەرچەندە ڕووداوەكانی دووای ساڵی 1975 ئەو قەناعەتە سیاسییەیان لای زۆربەی خەڵكی كوردستان دروستكرد كە بارزانی ئەگەر سازشی نەوەك هەر لەسەر كەركوك بگرە لەسەر هەموو ئەو مافانەش كردبا كە حكومەتی ناوەندی خۆی دانی پێدا هێنابوون ئەوا شەڕ هەر هەڵدەگیرسایەوەو، حكومەتیش بەرنامە ڕێژی كردبوو كە لە بەیاننامەی ئادار پاشگەز ببێتەوە .ئەی ئێستا دووای پرۆسەی ئازادی عێراق، نەمانی دیكتاتۆریەت ، بەشداری كورد لە عێڕاقی هیواو ئاشتی ،شەڕی نووسینەوەی دەستووری عێڕاقی فیدراڵ و ، جێگیركردنی مافەكانی كورد ، ئایا جارێكی تر بكەوینەوە گرەوی سیاسەتی هەموو یان هیچ ؟ ئایا لەو ماف و داوایانەی كە كورد لە عێڕاقی هیواو ئاشتی هەیەتی هیچی ئەوە دەهێنێت كە سیاسەتی (هەموو یان هیچ ) مان هەبێت ؟

ئەوەی لە گوتاری سیاسی یەكێتی نیشتیمانیدا دیارە ، جۆرێك لە سازش یان نەرمی لەسەر كەركوك هەیە كە قبوڵی دەكەن گەر كەركوك لەسەر كوردستانیش نەبێت ،قسەكانی نەشیروان مستەفا كە ( بۆخۆیان هێلانەیەكیان لە سلێمانی دروست كردووە ئامادە نین لەسەر كەركوك تێكی بدەنەوە ، ئەم شەڕە دەبێت كەركوكیەكان خۆیان بیكەن )، لە پێشنیارەكەی تاڵەبانیشدا لە توركیا لەبارەی كەركوكەوە، كە بەهیچ شێوەیەك باسی كوردستانی بوونی كەركوكی نەكردو ، بە برۆكسل كردنی كەركوكی پێشنیار كرد بەڵام بێ ئەوەی لەوێ بڵێت ئایا ئەم برۆكسلە لە هەرێمی كوردستاندا بێت یان نا ؟؟

کورد دەکرێت لە هەموو داواکانی جۆرێك لە یاری و سازش بکات ، دەکرێت بە جۆرێکی تر برگەی ج لە یاسای 61 ی دەستوری کاتی ، دابڕێژرێتەوەو ، کوردیش پێی ڕازی بێت بەڵام ئەوەی کە هەرگیز ناکرێت سازش کردنە لەسەر کوردستانی بوونی کەرکوك ، شکۆیەك کە بارزانی لەگەڵ مەرگی خۆیدا پێچایەوە سازش نەکردنی بوو لەسەر کەرکوك ، بەڵێ لەسەر کەرکوك سیاسەتی یان هەموو یان هیچ تەواو ڕاستە ، لەگەڵ ئەو هەموو هەڕەشانەی تورکیا ، سەرەڕای ئەو هەموو هات و هاوارەی عەرەب بۆ دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی و ، یەکپارچەیی خاکی عێراق هیچ پێم سەیر نابێت کەلەسەر دروست بوونی دەوڵەتی کوردی ڕازی بن بەڵام بەمەرجی بێ کەرکوك.

چالاك محەمەد

سوید

کوردستان نێت
KURDISTAN NET